# مەگەڕێوە

بەختیار کەریم

پێم وانەبوو ئەم پاییزە
عەشق بەدەستی خۆم گڵکۆی مەرگی خۆمم پێهەڵکەنێت
پێم وانەبوو ئەم بەهارە
تۆ بە خەزانی عومری خۆم سۆمای چاوی باخچەم پێهەڵوەرێنیت
تۆ ئاسمانێک میهر بوویت حەبیبەم
هاتیت و فڕینت لە بیر کۆترەکانی ئاسمانی دیدەم بردەوە
دەریایەک ئەشکی قەتیسماو بوویت هەناسەم
ڕۆیشتیت و نیگاکانمت بە کوێربوونێکی ناوادە سپارد

مەگەڕێوە شەرابیی ڕەنگپەمەییم مەگەڕێوە
من ئیتر بە هەناسەی زەردیی پاییز مەست دەبم
پیاڵەکەم لە ئاونگی خەزان لێوانلێوە
مەگەڕێوە پەپولەی ئاسمانی تەنهاییم  مەگەڕێوە
تەنها شەوێک وەرەو باڵی نەورەسەکان
بە فڕینم ببەخشەوە
تەنها کازیوەیەک وەرەو تەڵە نێرگزی هەتاو
لە سینەی ئاسمانم بدەوە

من باغەوانێکم بۆ خونچەی گوڵی پەمەییش هەڵدەکەم
ئاسمانێکم بۆ سەمفۆنییای باڵی پەپولەش دادەکەم
من سنەوبەرێکی تەنهام بۆ گمەی کۆتری ئێوارانیش باڵادەکەم
مەگەڕێوە ڕەنگی تابلۆی عەشق و ژیان مەگەڕێوە
هێندە بەسە تۆ لێرە گوڵئەستێرەی سینەی شیعرم بیت
هێندە بەسە تۆ لێرە تاقە وێنەی مۆزەخانەی خەیاڵم بیت

28/05/2004
OXFORD, ENGLAND